




لەیادی ئەنفالە بەد ناوەکان دا

## ڕێکخراوەکانی ژنانی کورد لە تاراوگە و هاوکاری کەرکوک و کۆمەڵەی زۆزک لە بەرلین ڕوبەڕوو لەگەڵ باڵوێزی میسرو ڕاوێژکاری باڵوێزخانەکەدا کۆبونەوە.

*** کوردەکان نیگەرانی خۆیان گەیاندە باڵویزی میسر سەبارەت بەچارەنوسی ١٨ پاکیزەی کورد.**
*** ژنـانی کـورد بـە ١٨ چڵـەنیرگـزەوە بـەرامبـەر بـە باڵوێزخانـەی میـسر بـۆ دەربرینـی چارەنوسی ١٨ گوڵی بە هاری ژاکاوی کورد ڕاوەستان .**

ئا / شەهاب عوسمان – ئەڵمانیا

لە چوارچێوەی ئەو چالاکیانە دا کـە بـە بۆنـەی ١٨ سـاڵەی ئـەنفالـە شومـەکانـەوە لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپا ڕێکخرا، ڕۆژی پێنج شەمە ٤/١٣ لە بەرلینی پایتەختـی ئەڵمانیا ڕێکخراوی ژنانـی کورد لە تاراوگە ،ڕێکخراوی هاوکاری کەرکوك، کۆمـەڵـەی زۆزك بـە مۆڵـەتێکـی ڕەسمی لـەبـەردەم بـاڵوێز خانـەی میسردا کۆبونـەوەیـەکیـان ڕێکخـست و داوای دیـاریکردنی چارەنوسی ١٨ پاکیزەی کوردیـان کـرد کـە رژێمـی داڕوو خـاوی سـەدام لـە ئـەنفالـەکـان دا فرۆشـتوونی بـە میـسر ، بـە پـێ ی ئـەوبـەرنامـەیـەی کـەبـۆ ئـەم مـەبـەستـە دانرابـوو دوای کاژێریـك لـە ڕێ وڕەسمی خۆپێشاندانەکە لـە لایـەن احمد السماوی بـاڵوێزی میسر لـە ئـەڵمانیا وڕاوێژکـاری باڵوێزخانـەکەوە پێشوازی لە نوینـەرایـەتی ڕێکخراوە بە شداربووەکان کراو دۆسیـەی ئەو١٨ کیژەکوردەیان بە هـەردوو زمـانـی عـەرەبی و ئینگلیزی وەرگرت ، دۆسیـەکـە بریتی بوو لـە کۆمـەڵێ بەڵگەنامە بە تایبـەتی بەڵگەو ناوی ئەو ١٨ کیژە کە لـەلایـەن موخابـەراتـی عیراقیەوە لـە نوسراویکی ڕەسمی دا نـاوەکانیـان دیـاریکراوە .. پاشـان قـسەکـەری ڕێکخـراوە بـەشـداربووەکـان روشنا مـەحـمـود بـەنـاوی ڕەوەنـدی کـورد لـەبـەرلـین داوای چـارەنوسـی ئـەو ژنـە بـەکۆیلـەکراوانـەی کوردیـان کـردوو وێـرای

هەڵسەنگاندنی پەیوەندی مێژوویی نێوان کوردو میسرو پلەو شوێنی لە شارستانیەتی ناوچەکەدا ڕەخنەی توندیشی ئاراستەی میسر کرد کە دووەم وڵات بوە لە یارمەتی دانی سەدام دا بە تایبەتی لە دروست کردنی چەکی کیمیاوی و کۆمەکی سەربازی دا و بەکۆیلەکردنی ئەو پاکیزەکوردانەشی بە تاوانێێك دژی مرۆڤایەتی دایە قەڵەم .. هەرلەمیانەی دانیشتنەکەدا باسیان لە تاوانی ئەنفال و بیدەنگی ئەوساو ئیستای وڵاتانی عەرەبی کرد لە ئاست ئەو تاوانانەدا و داواشیان کرد کە پێویستە بە نوسراوی ڕەسمی وەڵامی کورد بدرێتەوەو داوای لی بوردنی لێ بکرێت ، دوای ئەوەی کە وتووێژیکی گەرم لە نیوان باڵوێزو ڕاویژکارەکەیی و شاندی ڕێخراوە کان دا رووی دا چەندین پرسیار هاتە گۆڕێ کە لەسەرەتاوە ویستیان خۆیان لە مەسەلەکە گیل بکەن و بەدەمی بڵین میسر شتی وای نەکردووە دواجار پێیان لەو ڕاستیە نا کە پێش دوساڵ ئەم مەسەلەیەیان لە ڕۆژنامەی الشق الاوسط دا بەرچاو کەوتووە، ڕۆشنا مەحمود لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی دا پێ وتین دانیشتنەکە زۆر بەهێمنی بە ڕێوەچوو دەتوانم بڵێم ئیمە لەقسەکردن دا زاڵ بوین و پشتمان بە داوایەکی رەوا بەستبوو فایلێکی تیرو تە سەلمان لەم بارەیەوە خستە بەردەستیان هەر بەشێوەزمانی میسریش ڕوبەرووی پرسیارەکانیان بوینەوە ناچارمان کردن بەلێنمان پی بدەن کە دەبێ وەڵامی رەسمی وەرگرینەوە نەك بەدەمی کە لەسەرەتاوە نەدەهاتنە ژیر بار ئەوەشمان پی وتن گەر لێکۆڵینەوە دەست پێ نەکەن ئیمە ناچار دەبین شکاتتان لێ بکەین و پەنا دەبەینە بەر ڕای گشتی و ڕێکخراوە خێر خوازەکانی دنیا ، ئەوەی بەلامەوە گرنگە وەڵامی پرسیارێکی میسرییەکان بوو کە ئایا بۆ حکومەتی عێراق تائێستا باسی شتی وای نەکردووە ئێمە بۆمان ڕونکردنەوە کە ئەمە لە چوارچێوەی ڕەشەکوژی و زەوتکردنی مافەکانی گەلی کوردا بووە و ئێمەش دەنگی ڕێکخراوە مەدەنیەکانی کوردین و لە هەقی خۆمانە بێدەنگ نە بین وبێدەنگیش نا بین و هێشتا حکومەتی عێراق - یش دانەمەزراوە و ئەوەی کەتا ئێستاش بە بەڕێز سەرەك کۆمارو نوینەرایەتی کورد کراوە هەر فریای ئەوە کەوتون نە هێڵن عیراق بگلێتە شەڕی نێو خۆو وڵاتێکی نوی بنیات بنێن کە لەسەر بنچینەی ئاشتی و یەکسانی و مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت دروست بێ هەر بۆیە من لێرەدا داوا لە حکومەتی یەکگرتووی کوردستان و دەنگی یەکگرتووی کورد دەکەم لە حکومەتی داهاتوی عێراق دا کە لەم مەسەلەیە بێدەنگ نەبن و بەرەسمی داوای چارەنوسی ئەو ١٨ کوردە بکەن .